وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 3047
ڕێکەوت : 2 / 9 / 2024

---

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.18- 2023) تەندەری پرۆژەی

## (نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کارەبا بۆ گوندی لالی خان /کەلار) بۆ جاری سێیەم

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەر و کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە تەندەری پرۆژەی ناوبراوی سەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەلار ) , لەسەر بودجەی ڕێژەی 8%ی داهاتی دابەشکردنی کارەبای کەلار جێبەجێ دەکرێت , هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (90) نەوەد ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (سێ شەممە 3 / 9 /2024)ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (پێنج شەممە 19 / 9 / 2024) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 50,000) پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (دوو شەممە 23 / 9 / 2024) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:15)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .

• مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 10 ) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2024) یان هەبێت .

6- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**